Royal College of Anaesthetists | Association of Anaesthetists | APAGBI

# بەنجی گشتی بۆ منداڵەکەت

مەبەست لەم نامیلکەیە بەردەست خستنی بەرچاوڕوونیە بۆ تۆ لە کاتێکدا منداڵمنداڵەکەت دێتە نەخۆشخانە لەڕێگای بەکارهێنانی بەنجی گشتیەوە نەشتەرگەریان بۆ ئەنجام بدرێت. ئەم نامیلکەیە نوسراوە لەلایەن پزیشکانی بەنجبەنجکارەوە کە لەگەڵ نوێنەری نەخۆشەکان و دایک و باوکیان کار دەکەن.

## بەنجی گشتی و پزیشکانی بواری بەنجکردن

**بەنجی گشتی**- بە کار دەهێندرێت بۆ ئەوەی منداڵەکەت بە تەواوەتی بەنجبێت و ئازاری نەبێت پێش و لە کاتی برینگەری و نشتەگەریدا.

**پزیشکانی** بەنج **بەنجکار** بەرپرسن لە پێدانی بەنج بە مندڵەکەت و چاودێریکردنی ڕەوشی تەندرووستی منداڵەکەت لە کاتی نەشتەرگەری و ماوەی چاکبوونەوەدا. لە هەمان کاتدا بەرپرسن لە شکاندنی ئازاری پاش نەشتەرگەری منداڵەکەت.

**بەنج** ئەو دەرمانانەن کە فرمانیان بریتیە لە بێهۆشکردن و مانەوەی نەخۆش لە دۆخی بێهۆشیدا.

- هەندیک جار بەنج لە ڕێگای دەمارەوە و بە سوود وەرگرتن لە کانۆلا دەدرێت بە نەخۆشەکە، دواتر دەکرێت پرۆسەی بەنج کردنەکە بەردەوامی هەبێت لەڕێگای هەلمژینی جۆرە گازێکی تایبەتمەند.
- هەندێك بەنجی تربە هەڵمژینی گازێکی تایبەتمەند دەست پێدەکات و لە پاشاندا کاتێک منداڵەکەت خەوتووە سوود لە کانۆلا وەردەگیرێت.

پزیشکێکی بەنج بەنجکار یان پەرستاری هەڵسەنگاندن پێش نشتەگەریەکە چەند پرسیارێکت لێ دەکەن سەبارەت بە ئەزمونی پێشووی منداڵەکەت لەگەڵ بەنج یان دەرزی لێدان. لە پاشاندا پرسیار دەکات کە ئەگەر خۆت یاخود منداڵەکەت شێوازێکی تایبەتی بەنج کردنتان لە لا پەسەند بێت. زۆر جار چەند هۆکارێکی پزیشکی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر شێوازێکی تایبەتی بەنج کردن، هەموو ئەم هۆکارانە لەگەل خۆت بە وردی باسی لەسەر دەکرێت. خواست و وویستی خۆت و منداڵەکەت زۆر گرنگە.

دوای گفتوگۆ لەگەل پسپۆڕی بەنجکردن، یەکێک لەو شێواز و پلانەی کە پێشتر باسی لەسەر کراوە، کاری پێ دەکرێت هەندێک جار شێوازی پلانەکە دەگۆڕن، ئەم گۆرانکاریانەش وابەستەی کاردانەوە و وەڵامدانەوەی منداڵەکەت دەبێت لە ماوەی نەشتەرگەریەکەدا.

ئەگەر هەر کێشەیەکت هەیە ئەوا دەتوانێت لە ڕۆژی نەشتەرگەریەکە یاخوود ڕۆژێک پێشتر باسیان لە بارەوە بکەیت.

هەروەها دەتوانیت چاوپێکەوتن لەگەڵ دەستەی پسپۆرانی بەنجکردن ئەنجام بدەیت کە پسپۆری باڵای بواری تەندروستین. زانیاری زیاتر لە بارەی تیمی بەنجکردن هەیە لە ماڵپەڕی: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/anaesthesia-team

## ئامادەکردنی منداڵەکەت

چەندین شت هەیە دەتوانیت ئەنجامی بدەیت بە مەبەستی ئامادەکردنی منداڵمنداڵەکەت بۆ نەخۆشخانە.

منداڵئەگەر منداڵەکەت تەمەنی زۆر کەم نەبوو، دەبێت هەوڵی ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵانە بدەیت:

- بۆ منداڵەکەت ڕوون بکەرەوە کە دەچێت بۆ نەخۆشخانە.
- و لە نەخۆشخانە نشتەگەری یاخود لێکۆلینەوەی پزیشکی لەگەڵ دەکرێت
- هەوڵ بدە هەندێک زانیاری سەرەتایی بکەیتمنداڵەکەت بدەیت سەبارەت بەو پرۆسانەی کە لە نەخۆشخانەکە ڕوودەدات.

هەڵبژاردنی کاتێکی گۆنجاو بۆ پێدانی ئەم زانیاریە جیاوازە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر. منداڵمنداڵانی باخچەی ساوایان، پێوستە تەنها رۆژێک پێشتر ئاگادار بکرێنەوە. منداڵانی گەورەتر پێویستە زووتر ئاگادار بکرێنەوە.

هەروەها نامیلکەی تر بۆ منداڵان لە تەمەنە جیاوازەکان هەیە لە پەڕەی:
*Information for children, parents and carers* لەسەر ماڵپەڕی کۆلیژ:
www.rcoa.ac.uk/childrensinfo

- (ڕیسی وورچ) بەنجی لێ دەدرێت (بۆ منداڵانی تەمەن ٣-٦ ساڵ، کە دەبێت پێگەیشتوویک بۆیان بخوێنێتەوە)
- دێڤی پۆلیسی لێکۆلینەوە: بەدەست خستنی زانیاری سەبارەت بە بەنج کردن (بۆ منداڵانی تەمەن ٧-١١ ساڵ)

- بەنجکردنی گشتی: کورتە ڕێنماییەک بۆ هەرزەکاران (تەمەن ١٢ ساڵ و بەرەو سەر)

ڕۆژێک لە نەشتەرگەری: خوێنەوەیکی ئاسان، لەم ماڵپەڕە بەدەست دەکەوێ:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/easyread

هەروەها ئەم زانیاریانە بە شێوەی کارتۆنی بۆ منداڵان هەیە، بەناونیشانی: کورتە خەوێکی قوڵ، ڕێنمایی گشتی بۆ بەنجکردن، کە زۆر بە سوودە بۆ منداڵانی هەتاوەکو تەمەن ١٢ ساڵ www.vimeo.com/138062201

هەندێک نەخۆشخانە دەرفەت دەدەن بە خۆت و منداڵەکەت سەردانی قاوشی نەشتەرگەری بکەن ڕۆژێک پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکە. ئەم سەردانکردنە منداڵەکەت لە ڕوانگەی دەروونیەوە ئامادە دەکات و دڵەڕاوکێی کەم دەکاتەوە. زۆر لە نەخۆشخانەکان تیمی چارەسەری دەروونیان هەیە لە ڕێگای یاریکردنەوە، ئامانجی تیمەکە بریتیە لە ڕاڤەکردن و هاندانی منداڵەکان بۆ گفتوگۆ کردن لە ڕێگای یاریکردنەوە.

### ئەمانەش چەند نموونەیەکی باشن کە دەتوانیت بە منداڵەکەت بڵێیت

- ڕوونی بکەرەوە کە ئەنجامدانی نەشتەرگەری و پشکنینە تاقیگەییەکان مەبەست لێیان چاکبوونەوەی تەواوەتی یاخوود نیمچە تەواوەتی منداڵەکەتە (ئەمە وابەستەی بارودۆخی منداڵەکەتە).
- هانی منداڵەکەت بدە بۆ ئەوەی باسی نشتەگەریەکە بکات و پرسیار دەربارەی بکات دەتوانیت پەرتووک و یاری و یاریکردن بۆ ووردکردنەوەی بابەتەکە بەکاربهێنی هەروەها چەند کەرستەی فێرکردن، وەکو لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ، لەم ماڵپەڕە بەدەست دەکەوێت
www.rcoa.ac.uk/childrensinfo
- باسی کاتی نشتەگەریەکە بۆ منداڵەکەت بکە چ کاتێک نشتەگەریەکە یان لێکۆلینەوەی پزیشکی لەگەڵ دەکرێت؟ مانەوەی لە نەخۆشخانە چەند دەخاێنێت (ئەگەر ئەمە بزانیت)؟

ئەگر منداڵەکەت لە نەخۆشخانە بۆ شەوێک دەمێنێتەوە، پێی ڕابگەیەنە کە ئایا دەتوانیت لەگەڵیدا بمینیتەوە یاخوود نا. ئەگەر دڵنیا نیت لە مانەوەت، ئەوا پەیوەندی بە خەستەخانە بکە بۆ زانینی ئەمە.

هەموو ئەو کەرستانەی کە پێویسە لەگەڵ خۆتدا بهێنیت بۆ نەخۆشخانە لە ڕێگای پەرستارێکەوە وە پێتان ڕادەگەیێندرێت. تکایە هەر دەرمانێک کە منداڵەکەت وەریدەگرێت لەگەڵ خۆتدا بهێنە (دەرمانەکە پێویستە لە ناو قوتوکەی خۆی بێت)، لەگەڵ بێجامەکەی، فڵچەی ددان، شانە، جۆتێک دەرپێ و بوکەشوشەکەی یان یاریەکەی کە دڵخوازی منداڵەکەتە. منداڵ زۆرجار پێی خۆشە بڕیاربدات لەسەر چ یاریەک لەگەڵ خۆیدا بهێنیت، بەڵام تکایە زۆر لە یاریەکان لەگەڵ خۆتاندا مەهێنن

مۆبایل و تابلێت زۆر بە سودە، بەڵام شەحن و بیستۆکەکان لە یاد مەکەن.

پێویستە چەند ئازارشکێنێکی وەک پاراسیتمۆڵ و پرۆفین دابین بکەیتت کە گرنگن بۆ ئازار کەمکردنەوی منداڵکەت لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لە نەخۆشخانەش ئامۆژگاری چۆنیەتی وەرگرتنی ئەم دەرمانانەتان پێ دەدرێت

### ئایا پێش ئەنجام دانی نەشتەرگەری تەندرووستی منداڵەکەت باش نیە؟

ئەگەر منداڵەکەت تووشی هەڵامەت یان کۆکەیەکی توند بووە لەنێو دوو هەفتە پێش نەشتەرگەری، یاخود توشی سکچوون و ڕشانەوە بووە چەند ڕۆژێک پێش نەشتەرگەریەکە، دەبێت نەخۆشخانەکە ئاگادار بکەیتەوە. هەندێکجار پێویست دەکات کە نەشتەرگەریەکە دوابخرێت هەتاوەکو تەندرووستی منداڵەکەت دەگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی.

کۆکە وهەڵامەت کاریگەریکی خراپیان هەیە لەسەر هەناسەدانی منداڵ لە کاتی نشتەگەریدا، بە تایبەتی ئەگەر منداڵەکە تەمەنی بچووک بێت بەهەمان شێوە ئەگەری تووشبوونی منداڵەکەت بە هەوکردنی سنگ زیاتر دەکەن. لەبەر ئەم هۆکارانە، زۆر گرنگە بە نەخۆشخانەکە ڕابگەیەنیت ئەگەر تەندرووستی منداڵەکەت چاک نییە.

تکایەبەهەمان شێوە بە نەخۆشخانەکە ڕابگەیەنە ئەگەر منداڵەکەت بەم زووانە تووشی مێکوتە، سووکە و هەر هەوکردنێکی تر بووە.

کوتانەکان دەستیوەردانێکی پزیشکی گرنگە و هانی هەموو دایک و باوکان ئەدەین کە ڕێنماییەکانی کوتان پەیرەو بکەن لە ماڵپەڕی ئێن ئێچ ئێس:
www.nhs.uk/conditions/vaccinations

کوتانی نوێ بە شێوەیەکی ئاسایی کێشە نییە بۆ ئەو منداڵانەی کە بەنجیان وەرگرتووە تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە پلەی گەرمییان بەرزببێتەوە لەپێش نەشتەرگەری، لەو حاڵەتەدا هەندێک جار باشترە نەشتەرگەری دوا بکەوێت. ئەمە زۆر نائاساییە بۆیە ئامۆژگاری دایکان و باوکان دەکەین بەردەوام بن لە کوتانی بەرنامە بۆ داڕێژراو و دوانەخستنیان بەهۆی نەشتەرگەری پلان بۆ داڕێژراوەوە.

### پشکنینی کلینیکی پێش نەشتەرگەری/پشکنین بە تەلەفۆن

لەوانەیە پەرستارێک لە نەخۆشخانەوە پەیوەندیت پێوەبکات بۆ ئەوەی هەندێک وردەکاری تەندروستی و دەرمانی منداڵەکەت بزانێت پێش ڕۆژی نەشتەرگەری. ئەمەش هەروەها کاتیان بۆ دابیندەکات بۆ ڕێکخستنی پشکنینەکان یان کەلوپەلی زیادە ئەگەر پێویست بێت، پێش ڕۆژی نەشتەرگەریەکە ئامادە بکەن.

زۆربەی نەخۆشخانەکان منداڵ بانگهێشت دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە یان نەشتەرگەری گەورە ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی لە کلینیکی هەڵسەنگاندنی پێش نەشتەرگەری ئامادە بن. لێرەدا پرسیاری تەندروستی و دەرمان و هەستیاری منداڵەکەتان دەکەن. نمونەیەک لە پێستەکە وەردەگرن ( بە لۆکەیەکی نەرم بە نەرمی دەخشێنرێت لە پێستەکە ) بۆ پشکنینی هەر هەوکردنێک پێش نەشتەرگەری و ئەنجامدانی هەر پشکنینی خوێنێک کە پێویست بێت. پێدەچێت ئەوان بتوانن ئەو قاوشانەی کە بۆی دەچن نیشانی تۆ و منداڵەکەت بدەن و زانیاریت پێ دەدەن دەربارەی نەشتەرگەری منداڵەکەت. هەروەها پێدەچێت تۆ چاوت بە پزیشکێکی بەنجکردنبەنج بکەوێت کەگفتوگۆ بکات لەسەر هەر بژاردەیەک بۆ بەنجکردن و هەر مەترسیەکی دیاریکراو.

## لە ڕۆژی نەشتەرگەریی منداڵەکەت

**پێویستە نەخۆشخانەکە ڕێنمایی ڕوونت بداتێ سەبارەت بە کاتی ڕاگرتنی منداڵەکەت لە خواردن و خواردنەوەمنداڵ. گرنگە تۆ و منداڵەکەت ئەم ڕێنماییانە پەیڕەو بکەن. ئەگەر خواردن یان شلە لە گەدەی منداڵەکەتدا هەبێت لەکاتی بەنجبووندا، دەکرێت بێتە ناو پشتی قوڕگەوە و بچێتە ناو سییەکانی.**

منداڵ زۆر ئاسوودەترە ئەگەر پێویست نەکات بەبێ خواردن و خواردنەوە زیاتر لە پێویست چاوەڕێ بکەن.

ئەمانەی خوارەوە بە شێوەیەکی گشتی ڕەزامەندیان لەسەرە بۆ ئەو کاتانەی کە دەتوانیت شتێک بدەیت بە منداڵەکەت بۆ خواردن یان خواردنەوە پێش نەشتەرگەری نا بەپەلە، بەڵام تکایە پەیڕەوی ڕێنماییەکانی نەخۆشخانەکە بکە کە بە تۆ دراوە، چونکە لەوانەیە جیاواز بن.

- منداڵ دەتوانێت ژەمە خواردنێکی سووک و / یان پەرداخێک شیر شەش کاتژمێر پێش نەشتەرگەری بخوات. دواتر نابێت هیچ شتێک بخۆن بە شیرینیشەوە وە ئەبێت خۆیان بەدوور بگرن لە بنێشت جوینیش.
- منداڵانی شیرەخۆرە دەتوانن شیری دایکیان هەتا چوار کاتژمێر پێش نەشتەرگەریەکەیان بخۆن.
- منداڵانی شیرۆخۆرەی (قوتو) دەتوانن شیریان پێبدرێت هەتا شەش کاتژمێر پێش نەشتەرگەری (تکایە لەگەڵ نەخۆشخانەکەت دڵنیاببەرەوە بۆ هەر ڕێنماییەکی جیاواز بۆ منداڵانی زۆر بچووک یان نەبەکام).
- منداڵ دەبێت بەردەوام بێت لە خواردنەوەی ئاو یان شەربەتێکی زۆر ڕوون تا یەک کاتژمێر پێش نەشتەرگەری. ئەمە یارمەتیان دەدات بۆ ئەوەی جەستەیان بە تەڕیی بمێنێتەوە و ئاسودەبن.

هەندێک یەکە ڕێگە بە منداڵەکە دەدەن یان هانی دەدەن کە لە کاتی گەیشتن بە یەکەکە شتێک بخواتەوە.

ئەگەر منداڵەکەت تازە خواردنی خواردبێت، ئەوا نەشتەرگەریەکە دوا دەخرێت یان دوا دەخرێت تا ڕۆژێکی تر.

منداڵەکەت پێویستە هەر هەر دەرمانێک وەربگرێت وەک لە ڕۆژی نەشتەرگەریدا ڕێنمایی کراوە.

کاتێک گەیشتیتە نەخۆشخانە منداڵەکەت کێش دەکرێت و دەپێورێت (مەگەر ئەمە پێشتر لە مەوعیدی پێشوو ئەنجام درابێت). پەرستارێک پلەی گەرمی و لێدانی دڵ و ڕێژەی هەناسەدانیان دەپشکنێت وە هەروەها ئاستی ئۆکسجین و پەستانی خوێنیان دەپێون.

کارێکی ستانداردە کە پشکنینی دووگیانی بۆ هە ر کچێکی تە مە ن سە رووی 12 ساڵ بکرێت بە وەرگرتنی نمونەیەک لە میز. تکایە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ماڵپەڕی کۆلێژی شاهانەی پزیشکی منداڵان و تەندروستی منداڵ:

www.rcpch.ac.uk/resources/pre-procedure-pregnancy-checking-under-16s-guidance-clinicians

پەرستارەکە لە دەرمان و هەستیاری پرسیار دەکات و دوو دەست بەندی ناسینەوە لەسەر مەچەکی منداڵەکەت یان قولەپێی منداڵەکەت دائەنێت. لە هەندێک نەخۆشخانەدا دەست بەندێک زیاد دەکرێت، یان دانەیەکی ڕەنگ جیاواز، ئەگەر هەر هەستیارییەکی هەبێت.

پزیشکێکی بەنجکردنبەنج سەردانت دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەنجکردنی منداڵەکەت.

پێویستە پزیشکی بەنجکردن زانیاری دەربارەی تەندروستی گشتی منداڵەکەت بزانێت، لەوانە:

- ئەزموونەکانی پێشووی بەنجکردن
- هەر دەرمانێک کە منداڵەکەت وەریدەگرێت
- هەر هەستیارییەک کە هەیانبێت
- هەر کۆکەیەک، سەرما یان سکچوون و ڕشانەوەیەک بەم زووانە هەیانبوبێت

ئەگەر منداڵەکەت یان ئەندامانی تری خێزانەکەت هەر کێشەیەکی پێشتریان هەبوو بێت لەگەڵ بەنجکردن دا، بەڕاستی گرنگە بە پزیشکی بەنجکردن بڵێن و هەر زانیاریەک کە تۆ یان خزمێکت بیهێنن.

ئەمە کاتێکی باشە بۆ قسەکردن لەسەر هەر نیگەرانییەکی تایبەت کە تۆ یان منداڵەکەت دەربارەی بەنجکردنکردن هەتانبێت. لەوانەیە دروستکردنی لیستێک لە پرسیار یارمەتیدەربێت کە دەتەوێت پرسیاریان لەبارەوە بکەیتت.

بەپێی جۆری نەشتەرگەریەکە کە منداڵەکەت ئەنجامی دەدات، ڕەنگە ئەو پزیشکی بەنجکردنەکە بتوانێت هەستە دەمارەکانی بەنج بکات لەڕێگەی بەنجکردنی مەوزوعیەوە لەکاتێکدا منداڵەکەت خەوتووە بۆ یارمەتیدان بە ڕەوینەوەی ئازارەکەی لەدواتردا.

لەوانەیە پێویستیان بە بەکارهێنانی قەترە یان کانیۆلای زیاتر هەبێت. هۆکارەکانی ئەم کارە و گرنگی ئەم کەلوپەلانە بۆ پاراستنی منداڵەکەت تاوتوێ دەکەن لەکاتێکدا منداڵەکەت نوستوە و ئاسودە دەبێت لەکاتی بەئاگاهاتنەوەیان.

### دواخستنی نەشتەرگەریەکە یان لێکۆڵینەوە

جار بەجار لەکاتی هەڵسەنگاندنی منداڵەکەتدا، پزیشکی بەنجکردنەکە پێدەچێت شتێک فێربن دەربارەی منداڵەکەت کە واتا سەلامەتتردەبێت لەو ڕۆژەدا کە کارەکە ئەنجام نەدرێت. ئەگەر ئەمە ڕوویدا ئامۆژگاری دەکەن کە کاتێک پێشبینی دەکەن سەلامەت بێت بۆ ئەوەی بەردەوامبن لەسەر کارەکە.

## پێش دەرمان

ئەمە بەو دەرمانانە دەڵێن کە پێش بەنجکردن دەدرێن.

لەوانەیە پزیشکی بەنج باس لە پێدانی دەرمانی هێورکردنەوە بکات بەمەبەستی ئارامکردنەوەی منداڵەکەت. هەرچۆنێک بێت، ئانوانرێت ئەم دەرمانانە بە شێوەیەکی ڕۆتینی بەکار بهێنرێن چونکە منداڵمنداڵان خەواڵو دەکەن لە پاش تەواو بوونی نەشتەرگەریەکە. هەروەها دەکرێت دەرمانە ئازار شکێنەکانیان وەک سەرەتایەک پێبدرێت، یان پزیشکی بەنج لەوانەیە پێشنیاری پێدانی چارەسەری زیاتر بکات بۆ حاڵەتەکانی وەک تەنگەنەفەسی.

زۆربەی دەرمانە سەرەتایەکان بەشێوەی شلەمەنی پێیان دەدرێت.

## کرێمی بەنجکەری مەوزوعی

بەنزیکەی هەموو منداڵمنداڵەکان " کرێمی سحری" لە پشتی دەستەکانیان دەدرێت و بە پارچە باندیجێکی خاوێن دادەپۆشرێت. ئەمە هەندێجار پێی دەوترێت " جێلی ئەمیتۆپ" یاخوود "EMLA" یان ناوێکی دیکەی بازرگانی. ئەمە کرێمێکی بەنجکەری مەوزوعییە کە ماوەی ۳۰ بۆ ٦۰ خولەکی دەوێت هەتاوەکو کار بکات.

ئەم کرێمە ئازاری بە تین کەمدەکاتەوە کاتێک کانولەیەک لەسەر دەست یان قۆڵی منداڵمنداڵەکەت دادەنرێت. ئەمە بە باشی کار دەکات لە دە منداڵدا ئازاری نۆ منداڵ کەمدەکاتەوە.

ئەگەر نەتوانرێت کرێمی بەنجکەر بەکاربهێنرێت، ئەوا لە جیاتی ئەو کرێمە سپرای بەنجکەری سارد دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەنجکردنی شوێنەکە.

## ڕۆیشتن بۆ ژووری نەشتەرگەری

زۆربەی نەخۆشخانەکان پۆشاکی ڕەنگاوڕەنگ بە منداڵەکەت دەدەن بۆ ئەوەی لەبەری بکات کاتێک دەچێتە ژووری نەشتەرگەری. هەروەها منداڵمنداڵەکت دەتوانێت جلی خۆی یان بێجامە بپۆشێت. هەروەها دەتوانن دایبی یان دایبی شێوە دەرپێ بپۆشن کە پێویستە. پەرستارەکەت ئامۆژگاری ئەوەت دەکات کە چ جۆرە جلێکی ژێرەوە لەبەر منداڵەکەت بکەیتت.

دەکرێت منداڵەکەت بە پێی خۆی بچێتە ناو ژووری بەنج کردن، یاخوود بە تەختەی خەوتن، یان عەرەبانەی منداڵ، یان بە نەقاڵەی نەخۆشخانە هەڵدەگیرێت یان بە باوەش. هەندێک یەکە ئامرازی گواستنەوەی یێکەنیناوی پێشکەش دەکەن. هەندێک نەخۆشخانە ئۆتۆمبێلی کارەبایی بەکار دێنن بۆ گواستنەوەی منداڵ.

## لە ناو ژووری بەنجکردن

پەرستارێک یان شارەزایەکی تەندرووستی، بۆ وێنە وەک پسپۆڕێکی بواری هێورکردنەوەی منداڵەکەت لە قاوشەکە، یاوەری تۆ و منداڵەکەت دەکات بۆ ژووری بەنجکردن. منداڵەکەت دەتوانێت یاریەکی منداڵان یان هەر ئامرازێکی ئاسودەبەخش لەگەڵ خۆیدا ببات. مۆبایل و تابلێتەکان زۆر بەسود دەبن بەتایبەت بۆ سەرقاڵکردنی منداڵان بە یاری و فیلمە خۆشەکان.

ئەگەر ئارەزوو دەکەیت، بەخۆشحاڵیەوە دەتوانیت لای منداڵەکەت بمێنیتەوە بۆ ئەوەی ئارامی بکەیتەوە لە کاتی بەنجکردنیدا. هەندێک حاڵەتی زۆر کەم هەیە کە ئەمە ڕێگەی پێ نادرێت. هەرکە منداڵەکەت خەوی لێکەوت، ئەندامێکی ستافەکە دەتباتە دەرەوە لە ژووری نەشتەرگەریەکە بۆ ئەوەی تیمی بەنجکەر گرنگی بە منداڵەکەت بدەن.

ئەگەر خۆت دووچاری پەشێوی و دڵەڕاوکێ بویتەتەوە، ئەوا پێویست ناکات یاوەری منداڵەکەت بکەیت بۆ ژووری بەنجکردن. ئەندامێکی تری پێگەیشتوی خێزانەکە یان پەرستاری قاوشەکە یان پسپۆڕێکی بواری هێورکردنەوە یاوەری منداڵەکەت دەکەن لەجیاتی خۆت.

بەنجەکە لەوانەیە دەست بکات بەکارکردن لەوکاتەی منداڵەکەت لەسەر عەرەبانەکە پاڵکەوتووە. منداڵە ساوایەکان لەوانەیە هەر لەسەر کۆشی خۆتان بەنج بکرێن. ئینجا دواتر ستافەکە منداڵەکە بەرزدەکەنەوە و دەیخەنە سەر عەرەبانە بە یارمەتی ئێوە.

پزیشکی بەنجکەر یەکێک لەمانە بەکار دێنێت بەمەبەستی سڕکردن، گاز بە ماسکی دەموچاو، یان بۆری، یان دەرزی لێدان بە کانولە. ئەمە لە پێشەکیدا لەگەڵت باس دەکرێت، وە هەندێجار لەوانەیە پێویست بکات پلانەکە بگۆڕدرێت ئەگەر منداڵەکەت هاوکار نەبێت.

زۆربەی منداڵە گەورەکان لە ڕێگەی کانولاوە دەرزیان لێدەدرێت. ئەگەر کانونەکە بەکاربێت، منداڵەکەت بە شێوەیەکی ئاسایی بە خێرایی لە هۆشخۆی دەچێت و جەستەی شل دەبێت. هەندێک جار بە هۆی دەرزیلێدانەکەوە دەکرێت منداڵەکەت هەست بە ساردی و گرژی بکات لە قۆڵیدا. پزیشکە بەنجکەرەکە ئینجا ماسک بەکاردێنێت بۆ بەردەوام بوون لە بەنجکردن و پێدانی ئۆکسجینی زیاتر بۆ سەلامەتی.

ئەگەر بەنجکردنەکە بە گاز بێت، ئەوا پزیشکی بەنجەکە بە گشتی ماسک بەکار دێنێت بۆ پێدانی گاز، یان لە ناو لەپی دەستیدا گازەکە بە نەرمی دەکاتە سەر دەم و لوتی منداڵەکەت. بۆنی گازە بەنجکەرەکان وەکو بۆنی قەڵەم ماجیکە.

بە شێوەیەکی ئاسیی کەمێک کاتی دەوێت ( لە چەند چرکەیەک تاکو دوو خولەکێک) بۆ ئەوەی بەنجکردنەکە کاریگەری دروست بکات. زۆر ئاساییە کە منداڵەکە بێ ئارام بێت بەدرێژایی ئەو کاتە یان شێوازی هەناسەدانیان جیاواز دەربکەوێت. لەوانەیە تەنانەت بە دەنگی بەرز پرخەپرخ بکەن. ستافەکە یارمەتیت دەدات کە منداڵەکە بە نەرمی هەڵگریت بەڵام بە توندوتۆڵیەوە.

ئینجا تۆ لەوانەیە داوات لێبکرێت کە ژووری بەنجکردنەکە بەجێبهێڵیت. ئەندامێکی ستافەکە لەگەڵت دێت بۆ دەرچوون لە ژووری نەشتەرگەریەکە.

هەرکە منداڵەکەت بەنجکرا، پزیشکی سرکردنەکە کانولایەکی بۆ دادەنێت بۆ پێدانی ئازار شکێن و دەرمانە بەنجکەرەکان کە پێویستن.

**دواتر چی ڕوودەدات؟**
منداڵەکەت ئەبردێت بۆ ژووری نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری یان ئەنجامدانی ڕێکارەکان.

پزیشکی بەنجکردنکەر لەگەڵ منداڵەکەت دەمێنێتەوە بە درێژای ئەنجامدانی ڕێکارەکان و لە نزیکەوە چاودێری بەرزبونەوەی پەستانی خوێن و لێدانی دڵ و هەناسەدان و ئاستەکانی ئۆکسجین دەکات، بۆ دڵنیابونەوەی کە سەلامەتە و بەتەواوەتی بەنج بووە.

ئێستا کاتێکی باشە بۆئەوەی بڕۆیت شتێک بخۆیت و بخۆیتەوە، بەڵام دەبێت بە ستافەکە بڵێیت کە تۆ دەڕۆیت و ژمارە تەلەفۆنەکەی خۆتیان پێ بدەی کە بتوانن پەیوەندیت پێوە بکەن.

## دوای نەشتەرگەریەکە

### لە ژووری چاکبوونەوەدا

زۆربەی منداڵەکان لە ژووری چاکبوونەوە بە ئاگا دێنەوە. پزیشکی بەنجکردن لە نزیکیان دەبێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات ئەگەر پێویستی کرد. کارمەندەکان باندیجێک لە کانولاکە دەبەستن بۆ ئەوەی سەلامەت بێت و لە چاوی منداڵەکان بیشارنەوە لە کاتێکدا کە بە ئاگا دێنەوە.

هەر منداڵێک گرنگی پێدەدرێت لەلایەن پەرستارێکی شارەزا یان هەر کارمەندێکی تری لێهاتوو و مەشق پێکراو کە ئەرکی ئاسوودەیی منداڵەکەتیان لە ئەستۆیە. ئازار شکێنی زیاتری پێدەدەن لەگەڵ دەرمانی دژە نەخۆشی ئەگەر پێویست بوو. لە کاتێکی گونجاو لە ماوەی بە ئاگا هاتنەوەی منداڵەکەت تۆ پەیوەندیت پێوە دەکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکەتدا بیت.

### پەشۆکاوی لەکاتی بە ئاگاهاتنەوە

هەندێک لە منداڵەکان نیشانەکانی پەشۆکاوی یاخود شپرزەبوون یان هەردووکیانیان تێدا دەردەکەوێت کاتێگ بە ئاگا دێنەوە. ئەمە زیاتر لە منداڵە کەم تەمەنەکاندا ئەگەری ڕوودانی هەیە.

ڕێژەیەکی کەم لە منداڵەکان دووچاری شپرزەبوون دەبنەوە کە نیشانەی دڵەڕاوکێیە. لەوانەیە بگرین و بجولێن یان قاچ و قۆڵیان ڕاوەشێنن. ئەم ڕەفتارە لەوانەیە بۆ ماوەی ٣٠ خولەک بمێنێتەوە و جار بە جار زیاترە. ستافی ژووری چاکبوونەوە ئەزموونیان هەیە لە چاودێریکردنی منداڵ لەو کاتانەدا. بڕیار دەدن کە ئایا ئازارشکێنی زیاتر یارمەتیدەر دەبێت یان نا. ئامۆژگاریت دەکەن کە چ ڕێگایەک باشە بۆ ئارامکردنەوە و دڵنیاکردنەوەی منداڵەکەت.

ئەگەر منداڵەکە بە دڵەڕاوکێوە خەبەری بووە ئەمە دایک و باوکەکە نیگەران دەکات. ئەوە پێویستە بە پزیشکی بەنجەکەت بڵێت کە ئەگەر منداڵەکەت تا ئێستا هەستی بە دڵەڕاوکێی وا کردووە لە ڕابردودا بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگاکانی خۆلادان لێی باسبکەن لە داهاتوودا.

### ئازار شکێن

دەرمانی ئازار شکێن و هەندێجار دەرزی بەنجکردن بەکاردەهێنرێت لەماوەی بەنجکردنەکە بۆ دڵنیابوونەوەی لەوەی کە منداڵەکەت هەتا دەکرێت بە ئاسودەی خەبەری بێتەوە. جۆری ئازارشکێنەکە پشت دەبەستێت بە نەشتەرگەریەکە.

پزیشکی بەنجەکە، پزیشکی نەشتەرگەریەکە و/یان ستافی ژووری چاودێری گفتوگۆت لەگەڵ دەکەن دەربارەی باشترین ئازارشکێن بۆ منداڵەکەت.

### ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە

زۆرجار بۆ منداڵەکەت دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە لە ڕۆژی نەشتەرگەریەکەدائەگەر پزیشکی نەشتەرگەریەکە و بەنجەکە ئاسوودە بوون کە ئەمە ڕێگایەکی سەڵامەتە و منداڵەکەت بە باشی چاک دەبێتەوە ئامۆژگاری دەکرێیت کە چۆن دەرمانی ئازارشکێن لە ماڵەوە بەکاربێنیت. پێویستە بە وریایەوە ئامۆژگاریەکان جێبەجێبکەیت.

هەندێک لە منداڵەکان لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە هەست بە دڵ تێکەڵهاتن دەکەن یان دەرشێنەوە. شتێکی باشە ئامادەبیت.

ئەگەر منداڵەکەت لە ڕۆژی نەشتەرگەریەکە دەبەیتەوە ماڵەوە ژمارە مۆبایلت پێدەدەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەیت کە نیگەرانییت هەیەدەربارەی منداڵەکەت لە ماڵەوە.

### لە دوایدا

هەندێك لە منداڵەکان نیگەران دەبن لە سەردانکردنی نەخۆشخانە. هەندێك لە منداڵەکان بە باشی ناخەون دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە مانەوە. لەوانەیە هەست بە بێزاری و نیگەرانی بکات سەبارەت بە دوورکەوتنەوە لە منداڵەکە. ڕەفتارەکانیان لەوانەیە لە پێشوتر قورستربێت. ئەمە هەمیشە دەگەڕێتەوە باری ئاسایی لە ماوەی سێ بۆ چوار هەفتە.

## مەترسیەکان و کاریگەریە لاوەکیەکانی پەیوەندیدار بە بەنجی منداڵەکەت

کێشە مەترسیدارەکان دەگمەنن لەگەڵ دەرمانە بەنجکردنە تازەکان. زۆربەی منداڵەکان بە خێرای چاکدەبنەوە و زوو دەگەڕێنەوە باری ئاسای لە پاش نەشتەرگەری و بەنجەکە. زۆربەی منداڵەکان لەوانەیە هەست بە دڵ تێکەڵهاتن بکەن یاخود ئازاری قورگیان هەبێت. ئەمنە تا ماوەیەکی کەم دەمێنێتەوە. دەرمان بۆ چارەسەرکردنی ڕشانەوە و نەخۆشی بەردەستە و پێدەدرێت.

بۆ منداڵێک کە تەندروستی باشە و نەشتەرگەریەکی بچوکی بۆ بکرێت، ئەوە زۆر باوە (زیاتر ١ لە ١٠ منداڵەکان) تووشی ئەمانە دەبن:

- سەرئێشەیەک یان قورگ ئێشەیەک
- ڕشانەوە یان گێژبوون
- شڵەژان لە بەخەربوونەوەدا.

لە بارودۆخی ئاڵۆزی دەگمەندا، بە نزیکەی ١ لە ١٠٠٠٠ منداڵ تووشی هەستیاریی سەختدەبێت بەرامبەر بەنجەکە.

مەترسی مردن بۆ منداڵی تەندروست بە بەنجەکە بۆ نەشتەرگەری بچوك یان مامناوەند بۆ نەشتەرگەریەکی ئاسایی کەمترە لە ١ لە ١٠٠٠٠٠ دا. زۆربەی حاڵەتی مردن کە لە کاتی نەشتەرگەریەکەدا ڕوودەدات بە تەواوەتی بەهۆی بەنجەکەوە نیە بەڵکو بەهۆی هۆکاریتری پەیوەندیدارە بە تەندروستی تاکەوە یان ئەو نەشتەرگەریەی بۆیدەکرێت.

بۆ خوێندنەوەی زانیاری دەربارەی مەترسیە گشتیەکان پەیوەندیدار بە بەنجەکەوە یاخود پرۆسەی بەنجکردنە، تکایە سەیری بەشی مەترسیەکان بکە لە ماڵپەرەکەمان: www.rcoa.ac.uk/patientinfo/risks/risk-leaflets

## ڕوونکردنەوەی مەترسیەکان

خەڵکی جیاوازن کە چۆن وشە و ژمارە لێکدەداتەوە. ئەم پێوەرە بۆ یارمەتی دانراوە.




| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ کەس لە ١٠٠٠٠٠ | ١ کەس لە ١٠،٠٠٠ | ١کەس لە ١٠٠٠ | ١ کەس لە ١٠٠ | ١ کەس لە ١٠ |
| کەس لە شارێکی گەورەدا | کەس لە شارێکی بچوکدا | یەک کەس لە گوندێکدا | یەک کەس لە شەقامێکدا | یەک کەس لە خێزانەکەت |

لە بەنجی نوێ کێشە گەورەکان باونین.

ڕێژەی مەترسی گەورە یان ئاڵۆزی بەرزترە ئەگەر منداڵەکەت نەخۆشیەکی ترسناکی هەبێت یان باگکراوندی تەندروستی ئاڵۆزی هەبێت یاخود تەمەنی لە خوار چوار ساڵەوەبێت و/یان نەشتەرگەریەکی گەورەی بۆ بکرێت.

هەندێک کات منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشیەکی دیاریکراو یان ئەو منداڵانەی نەشتەرگەریان بۆ دەگرێت مەترسی دیاریکراویان هەیە کە پەیوەندیدارە بە بەنجەکەوە. پزیشکی بەنج دەتوانێت ئەمانەت لەگەڵ باس بکات پێش نەشتەرگەریەکە. ئامێری نوێ و ڕاهێنان و دەرمان وایانکردووە بەنجکردن زۆر سەلامەت بێت، هەرچەندە ناتوانرێت هەموو مەترسیەکان بە تەواوەتی لابدرێت.

توێژینەوەیەکی بەردەوام هەیە لەسەر کاریگەری درێژخایەنی بەنج لە منداڵ و منداڵە کەم تەمەنەکاندا. لە ئێستادا هیچ بەڵگەیەکی بەهێز نیە کە بەنج زیان بەخشە بۆ گەشەکردن، وە ئەوە گرینگە وایدابنێین کە هەرچی مەترسیە باڵانسی هەبێت لە دژی هەموو گرینگی بەکارهێنانی بەنج بۆ نەشتەرگەریەکە.

زانیاری دەربارەی باروودۆخی تایبەت لە پزیشکی بەنجی منداڵان دەتوانرێت بە ئۆنلاین بدۆزرێتەوە:

ڕووداوەکان لە چەند بارێکی توندا لە پزیشکی بەنجی منداڵدا لە شانشینی یەکگرتوودا: شیکردنەوە دووەمیەکانی ڕاهێنانی بەنجکردن لە پشکنین لە منداڵدا (لێکۆڵینەوەی APRICOT):
www.onlinelibrary.wiley.com/doi/abs/10.1111/anae.14520

لەوانەیە حەزبکەیت سەیری ئەمانەی خوارەوەش بکەیت بۆ زانیاری زیاتر لە پزیشکی بەنجی تایبەت بە منداڵ لە بەریتانیا و ئێرلەندا:

www.apagbi.org.uk/guidelines or
www.apagbi.org.uk/children-and-young-people

زانیاری دەربارەی مەترسیە گشتیەکان دەربارەی بەنج بۆ منداڵی گەورە و گەنج لە ماڵپەری زانکۆدا بەردەستە:
www.rcoa.ac.uk/patientinfo/risk

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە دەرمانە هێورکەرەوەکان تکایە سەرنجی نامیلکەکەمان بدە بە ناونیشانی (ڕاڤەکردنی دەرمانە هێورکەرەوەکان) لە:

www.rcoa.ac.uk/documents/anaesthesia-explained

بارەیەوە بدەین .ئێمە پێشبینی ئەوە ناکەین ئەم زانیارییە گشتیانە وڵامدەرەوەی هەموو پرسیارێکتان بن و هەڵگری هەموو ئەو شتانەی بۆ ئێوە گرینگن .باشتر وایە بڕیارەکانتان و هەر جۆرە نیگەرانییەکتان بە تیمی پزیشکیی خۆتان ڕابگەیەنن و ئەم بروشورە وەك ڕێنوێنێك بەكار بێنن .ئەم بروشورە باشترە وەك تاکە سەرچاوەی ئامۆژگاری لەبەر چاو نەگیرێت .نابێت بۆ مەبەستی تیجاری و پیشەیی بەكار بهێنرێت .بۆ ئاشکراکردنی تەواوەتی، تکایە کرتەیەك لێرە (www.rcoa.ac.uk/patient-information/translations/sorani) بکەن.

هەموو وەرگێڕانەکان لەلایەن گرووپی ››وەرگێڕانی بێسنوور‹‹ ئامادەدەکرێن و تێکستەکان لە رووی کوالیتییەوە پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی تا ئەو جێیەی بکرێت بێ هەڵە بن، بەڵام دیسان ئەگەری ئەوە هەیە هەندێکیان هەڵەیان تێدا بێت یان زانیارییەکان بە درووستی وەرنەگێڕدرێنەوە.

# پێمان بڵێ بۆچوونت چییە

ئێمە پێشوازی لە پێشنیارەکان دەکەین بۆ باشترکردنی نامیلکەکە.

ئەگەر هەر بۆچوونێکت هەیە و دەتەوێت بیگەیەنیت، ئەوا ئیمەیڵ بۆ ئەم ناونیشانە بکە:
patientinformation@rcoa.ac.uk


**Royal College of Anaesthetists**
Churchill House, 35 Red Lion Square, London WC1R 4SG
020 7092 1500


## www.rcoa.ac.uk


**چاپی شەشەم، مانگی شوباتی ٢٠٢٠**

نامیلکەکە لە ماوەی سێ ساڵ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیدا پێداچونەوەی بۆ دەکرێت.



**©کۆلیژی ڕۆیاڵی بەنجکردن ٢٠٢٠**

دەکرێت ئەم نامیلکەیە لەبەربگرێتەوە بۆ پرۆسەی بابەتی بەرهەمهێنانی زانیاری بۆ نەخۆشەکان. تکایە ئەم سەرچاوە سەرەکیە بنوسە. ئەگەر دەتەوێت بەشێکی ئەم نامیلکەیە لە شوێنیکیتر بەکاربێنیت، دەبێت سوپاس و پێزانینی گونجاو بدرێت و لۆگۆکان و براند و وێنەکان لاببرێت. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن.